سەرۆک کۆمار: لە نزیکەوە بەدواداچوون بە ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکەین

سەرۆک کۆمار عەبدول لەتیف جەمال رەشید، ئەمە سەشەممە، رایگەیاند لە نزیکەوە بەدواداچوون بە ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکات بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە، جەختیشیکردەوە هەڵبژاردن لەوادەی دیاری کراوی خۆی ئەنجام دەدرێت.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە " سەرۆک کۆمار عەبدول لەتیف جەمال رەشید، ئەمە سەشەممە،لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لەسەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییە عەرەبی و بیانییە باوەڕپێکراوەکان لە عێراق کرد".

بە گوێرەی راگەیەندراوەکە لە دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار بەخێرهاتنی باڵێزانی میوانی کرد و ئاماژەی بۆدا کە "ئێو سەقامگیرییەی عێراق لە ئاستی ئەمنی و سیاسی و ئابووریدا بەدیهاتوە، یارمەتیدەر بوو لەئاراستەکردنی هەوڵەکان بەرەو ئاودانکردنەوە و گەشەپێدان و نەژێنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، هەروەها دەستبەرکردنی ئاسانکاری و پاڵپشتی بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا".

هەروەها سەرۆک کۆمار دووپاتی کردەوە کە "هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وادەی خۆیدا ئەنجام دەدرێت"، هەروەها سەرکایەتی کۆماریش لە "نزیکەوە بەدواداچوون بە ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکات بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە و بەبێزیان هوونی کردەوە کە سەرکایەتی کۆمار ، لە چالاکییەکانیدا هانی بەشداری فراوانی هاووڵاتییان لە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە ئەنجومەنی نوێنەران دەدات" هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە "عێراق شانازی بەو ئەزموونە دیموکراسییە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە گەلەکەمان پیادەی دەکات لە پرۆسەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا، هاوکات سەرۆک کۆمار باسی لەبەرەی سەرکایەتی کرد لە ئازادکردنی زیاتر لە (23) هەزار دەستگیرکراو کە سزاکانیان تەواو بوو، هەروەها بەدواداچوون بە کارەکانی ئەو لیژنانەی بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی یاسای لێبوردنی گشتی".

بە گوێرەی راگەیەندراوەکە سەرۆک کۆمار جەختی لە "پابەندبوونی عێراق کردەوە لە بنیاتنانی پێیوەندیی ئەرێنی دەستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و سەروەری نیشتمانی بپارێزێت و بەبێزیان پێزانینی خۆی بە هەوڵی باڵیۆزەکان لە پتەوکردنی پێیوەندییەکان و پەرەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەشی نێوان عێراق و وڵاتەکانیان دەربڕی کە هاوکاربوون لە پتەوکردنی پێیوەندییەکانی دەستایەتی و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی".

لەو راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش کراوە کە لە دیدارەکەدا "کۆمەڵەک بابەتی نێودەوڵەتی جێی بایەخی هاوبەش و دیارترینیان پرسی فەلەستین تاوتوێ کران"، سەرۆک کۆمار پشتیوانیی پتەوی عێراقی بە گەلی فەلەستین و ڕەتکردنەوەی تەواوی دەستدرێژی دژیان دووپاتکردەوە و جەختیشی لە" پێویستی هەوڵستەکی پتەوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوە کە کۆتایی بە هەموو پێشێلکارییەکان بەرامبەر فەلەستینییەکان بهێنێت و مافی تەواویان دەستبەربکرێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، لە بەرامبەردا سەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییە عەرەبی و بیانییەکان ستایشی ئەم جۆرە دیدارە گرنگانەیان کرد"،هەروەها لە ڕوونکردنەوەی "دیدگای عێراق لەسەر کۆمەڵەک بابەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هیوای سەرکەوتنیان بە عێراق خواست لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق، هەروەها باڵوێزەکان سوپاس و پێزانینی خۆیان بە سەرۆک کۆمار لە پابەندبوونی بە پتەوکردنی پێیوەندی دەستانە و هاوکاری هاوبەش دەربڕی".